# رامانێک لە مێژوو




ناوی کتێب: سەرۆک کۆماری کوردستان

لە بەردەم دادگای ئێراندا

بەرهەڤکردنی: بەدرەدین ساڵح

گۆڕینی بۆ کرمانجی: سامی ئەرگوشی

لێدووانی: عومەر کەریم بەرزنجی

سەبارەت بەچارەنووسی کۆماری کوردستان و هۆکارە بنەڕەتییەکانی شکستی کۆمار گەلێك وتراوەو نوسراوە, بەڵام پتر پێویستیان بەخوێندنەوەو سەرنجدانی وردتر هەیە بۆ درککردن بەنهێنیەکانی رابردوو.

کتێبی( سەرۆک کۆماری کوردستان, لە بەردەم دادگای ئێراندا ) بریتیە لە دەقی دادگایی کردنی هەرسێ قازیەکەو وەسیەتنامەی پێشەوای شەهید قازی محەمەد , گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە خودی نوسەر واتە سەروان( کیومەرس ساڵح ) لە دادگایی کردنی قازییەکاندائامادەبووەو ئاگاداری تەواوی وردەکارییەکانی دادگا بووە بەحوکمی ئەوەی کەسێکی متمانە پێکراوی دەرباری شای ئێران و, خوشکەزای سەرلەشکر( فەرەیدون جەم ) بووە, کە ئەویش مێردی( شەمس )ی خوشکی شای ئێران بوو سەرەڕای ئەوهەموو دۆستایەتی و نزیکی‌یەی لە شاوە بەتۆمەتی ئاشکراکردنی نهێنی‌یەکانی دادگا, واتە دادگاییکردنەکە لە مانگنامە( ماهنامە )داو هەواڵە گرنگەکانیش لەوێژە نامەی( تاج کیانی )دا بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە بەردەست و بڵاوببێتەوە لەلایەن دادگای ئەرتەشەوە بانگ دەکرێت و بەتۆمەتی ئاشکراکردنی دادگایی کردنی قازییەکان تاوانبار دەکرێت و پلەی( سەروان )ی لێوەر دەگیرێتەوەو, ساڵێکیش بەندیخانەی بۆ دەبڕنەوە و چاپکردنی( ماهنامە )ش رادەگیرێت,( کیومەرس ) پاش بەربونی لە بەندیخانە لە ژمارە( 70ی ماهنامەی ساڵی 1947دا ) ئەم زانیارییانەی بڵاوکردۆتەوە.

سەروان دەربارەی بەجەرگی و خۆڕاگری پێشەوا دەڵێ( من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی و بەدەویدا وەك هەواڵنێر بەشداریم کردووە ئەو کاتەی کە هەواڵنێری(( ماهنامە ))ی ئەرتەش بووم, بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم وەك قازی محەمەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە, هەرگیز لەکاتی دادگایی کردنیدا نەترسابوو, زۆر بەبێباکی قسەی دەکردوو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە, وەك ئەوەی لە کۆڕی جەژن و داوەتێکدا دانیشتبێ وابوو ).

لەم بەڵگە نامانەدا دەکرێت لەهۆکارە بنەڕەتیەکانی شکستی کۆمار تێبگەین, هەرلە بێوەفایی و بەڵێن شکاندنی روسەکانەوە تادەگاتە خیانەتی هۆزو, سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان, دەکرێت خیانەتی ناوخۆی کوردەکان بەهۆکارێکی بنەڕەتی شکستی کۆمار دابنێین, ئەو نامەی وەفاداری و دڵسۆزییەی سەرۆك هۆزو عەشیرەتەکان بۆ دەرباری شا کە لەزۆربەی ژمارەکانی( ماهنامە )دا بڵاوکراوەتەوە جێی سەرنج و تێڕامانە بەتایبەتی پەیوەندی( عومەر خانی شکاك ) بەدەربارەوە کە لەوماوەیەی لە سەقزو دەوروبەری ( عومەر خان ) ئامیر هێزی( لەشکری کوردستان )بووە نزیکەی( 17 )نامەی بۆ دڵنیا کردنی دەرباری شا ناردووەو, ئامادەیی بەجێگەیاندنی ئەرك و فەرمانەکانی دەرباری راگەیاندووە..

سەرداری دیبۆکری( عەلی یار ) لەیەکێك لەو نامانەدا چۆنیەتی چوونیان لەگەڵ پێشەوا( قازی محەمەد )دا بۆ باکۆو ئازەربایجانی روسیاو, کۆبونەوەکانی بێکەم و کورتی و بەتێروتەسەلی بۆ دەرباری شا نوسیوە, ئەم نامانەی( عەلی یار ) گەورەترین گورز بووە دراوە

لە کۆمار, ئەگەر دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقڵیشێ ئەگەر ئەم هەموو خیانەتە لەناو کوردا نەبوایە لەمێژبوو خاوەنی دەوڵەتی خۆمان بووین, پێشەوا دەفەموێت( ئەگەر سەرانی هۆزو, عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردباو خۆیان بەحکومەتی عەجەم نەفرۆشتبایە ئێمەو ئێوەو کۆمارەکەمان وای بەسەردانەدەهات ).

هەریەکێك لە ئێمە چ زۆرو چ کەم لە هۆکارەکانی شکست و بەئامانج نەگەیشتنی شۆڕشەکانی کورد تێدەگەین, کەچی هەرخۆشمان مێژوو دوبارە دەکەینەوە, رەنگە هۆی ئەوەبێت زوو رابردوو لە یاد دەکەین یاخود مێژوو ناخوێنینەوە, ئەم کتێبە گەلێك گرنگەو جێی بایەخە بەخوێندنەوەی گەلێك شتمان بۆ دەردەکەوێت, گەلێك ئامۆژگاریو رێنوێنیمان دەکرێت, بەتایبەتی لە وەسیەتەکانی پێشەوا ( قازی محەمەد )دا, لێرەدا بەو وتەیەی پێشەوا کۆتایی بەم خوێندنەوەیە دەهێنم کە دەڵێت:- ( دڵنیابن ئەگەر عەجەم هەنگوینیشتان بداتێ ژەهری تێکردووە...فریودانی کورد لەلایەن داگیرکەران بەگشتیو عەجەم بەتایبەتی ریشەیەکی قوڵی هەیە لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرەتا جەوهەر ئاغای برایو هەمزە ئاغای مەنگوڕ...هتد, بەفریودان و بەڵێنی درۆ ئارامیان کردنەوە و لەناویان بردن, دڵنیام لە دوای ئێمەش زۆر کەسی دیکە هەیەو بەفێڵ و دووڕوویی لەبەین دەبرێن ).

ئەم پێشبینییەی پێشەوا زۆر دروست بوو هەر لەژێر عەبای دەسەڵاتدارانی ئێراندابوو پلانی کوشتنی( د.عەبدولڕەحمان قاسملو, شەرەف کەندی ) لەژێر پەردەی گفتوو گۆدا جێبەجێ کرا.

تێبینی:- مەبەست لە( سێ قازییەکە ) قازی محەمەد و سەیفی قازی و سەدری قازییە.

ئەم بابەتە لە هەردوو رۆژنامەی( رزگاری )و( ئاڵای ئازادی )دا بڵاوکاوەتەوە, بەڵام لە( ئاڵای ئازادی )دا ناوی نووسەر نەنوسراوە.